# پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
# بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

هەموو ساڵێك لەم ڕۆژانەدا لە هەموو شار و دێهاتەکانی کوردستان، لە بارەگاکانی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق، لە وڵاتانی جۆراوجۆر لە ئورووپا و کانادا و ئامریکا و ئوستراليا، جەوجووڵی بەرینی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان، دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی کوردستان و پشتیوانانی ڕزگاریی گەلان لە ستەم و زۆرویژی و خەباتکارانی ڕێگای عەدالەت و ئازادی و یەکسانی دەبینین کە بە سازدانی مەراسیمی گەورە و بچوك، نیوە ئاشکرا و ئاشکرا، بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستەر، چوونەسەر مەزاری هاوڕێیانی گیانبەختکردوو، بە بڵاوکردنەوەی شیرینی و بە شایی و هەڵپەڕکێ، ساڵرۆژی کۆمەڵە جەژن دەگرن، بەسەر چالاکیەکانی کۆمەڵەدا دەچنەوە و بیر لە داهاتووی دەکەنەوە.

لەمێژساڵە ڕۆژی کۆمەڵە لە جەژن و ساڵرۆژی حیزبێکی سیاسیەوە بووەتە جووڵانەوەیەکی جەماوەری و بووەتە ڕەمزی خۆڕاگریی بەرینی خەڵکی کوردستان. کۆمەڵە وەها ئاوێتەی خەونەکانی خەڵك، بێبەشان و نەتەوەیەکی ستەملێکراو و سەرتکوتکراو بووە، کە ناتوانێ ساڵرۆژی حیزبەکەی تەنیا لە تەلارە داخراوەکانی حیزبدا بەڕێوە ببات. ناوی هاوڕێی گیانبەختکردوو "کاك حەمەحسێنی کەریمی" لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، کە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی گیانبەختکردنیەتی، لە هەموو کوردستان و لەناو هەموو دۆستانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ناوێکی ناسراو و جێمتمانەیە و وەبیرهێنەرەوەی قۆناغێك لە شۆڕش و خەباتی جەماوەری و گیانبازیە.

ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا بە پێشوازی ڕۆژی کۆمەڵەوە دەچین کە کۆمەڵە لەناو جەرگەی گۆڕانکاریەکانی ئێستای ئێران و کوردستان و ناوچەکەدا، زیاتر لە جاران وەك حیزبێکی خاوەن پێگە و سیاسەتی ڕوون ناسراوە. خواست و چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵانی خەڵك لە کۆمەڵە بە ئاستێکی بەرچاو پەرەی سەندووە و سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەم حیزبە زیاتر لە ڕابردوو لە لوتکەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی جەماوەری و ئازادیخوازانەی کوردستاندایە. پێویستە هەموو کۆمەڵە و چالاکیەکانی بە هەموو شێوەکانیەوە، بە ڕێبەرایەتی و کادر و ئەندامەکانیەوە بە هەموو تواناوە تێبکۆشن بۆ وەدیهاتنی ئەم خواست و چاوەڕوانیانە.

کۆماری ئیسلامی نوقمی قەیرانی سیاسی، ئابووری، ناوچەیی و نێونەتەوەییە. هاتنەسەرکاری مەجلیسی حەوتەم و یەکپارچە بوونەوەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا ئەگەرچی بۆ ماوەیەك نوشست و دامرکانەوەیەکی دۆخی سیاسی بەدواوە بوو، بەڵام نەك هەر نەیتوانیوە کۆماری ئیسلامی لە بنبەست ڕزگار بکات، بەڵکوو تووشی بنبەستی تریشی کردووەتەوە. نەك هەر کێشەی ململانێی دەسەڵاتی لە ناو حکوومەتدا کۆتایی پێنەهێناوە، بەڵکوو قۆناغێکی نوێی شەڕی دەسەڵات و دابەش کردنی سامانی ئێرانی هێناوەتە ئاراوە. دەست بەکاربوونی مەجلیسی حەوتەم ئەگەرچی پرۆژەی ڕیفۆرمخوازیی ئیسلامیی ناو دەسەڵاتی بە تەواوی

وەلانا و شکست هێنانی ئەم پرۆژەیەی ڕاگەیاند، خەبات و تێکۆشانی جەماوەری بۆ چاکسازیی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا خستۆتە قۆناغێکی نوێوە. بە ڕواڵەت مەجلیس یەکدەست بووەوە، بەڵام کێشە و ناکۆکیی تازە تێیدا سەری هەڵداوە. کردەی مافیای ئابووری و ململانێ بۆ خاوەندارێتیی سامانێکی گەورە و سەرچاوەی بەرینی نەوت و کانە ژێرعەرزیەکان، بەر بەوە دەگرێ کە تاقم و گرووپەکانی ناو دەسەڵات یەک بگرن و ئارام ببنەوە. پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگا کە ڕژیم بە دروشمی موستەزعەفان و کۆمەڵگای تەوحیدی بەڵێنی چاککردنەوەی دەدا، زیاتر لە هەرکاتێک بەرەو نەمان و داڕمان چووە. بەرهەم هێنان لەم کۆمەڵگایەدا تێک رووخاوە، بەرنامە ئابووریەکانی ئەم ڕژیمە، بەرنامەی حکومەتێک نیە کە لە مانەوەی خۆی دڵنیا بێت. ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەم ڕژیمە بڕوایان بە مانەوەی خۆیان هەیە، چۆنە کە هیچ چارەسەرێکیان بۆ ڕێکوپێک کردنی شێوازەکانی بەرهەم هێنان و گەشە پێدان و سەربەست بوونی پێ نیە. تەنیا لە کەنارەکانی باشووری ئێران ٢٧ ئیسکلەی نایاسایی بە خاوەندارێتی بەرپرسان و فەرماندەکانی ڕژیم کار دەکەن کە ساڵانە بە ملیارد دۆلار کەل‌وپەلی قاچاخ و بێ گومرک دەهێننە ناو ئێرانەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کارخانەکان یەک لە دوای یەک دادەخرێن، بە دەیان هەزار کرێکار بێکار دەبن، حەقدەستەکانیان نادرێ و بێکاری لە ئاستێکی بەریندا ژیانی بنەماڵە هەژارەکانی خستۆتە ژێر گوشارەوە. کەلەبەری نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی هیچ کات بەو ڕادەیە زۆر نەبووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کەمایەتیەکی زۆر کەم و سەر بە دەسەڵات، ئایەتوڵاکان و بەچکە بەرپرسەکان وەها سەروەت و سامانێکیان کۆکردۆتەوە کە تەنیا لە چیرۆک و ئەفسانەکاندا بیسراوە. لە کۆڵان و شەقامەکان و ناوەندە گشتیەکان، باس لە سامانی ئەو کەسانە و پرۆژەکانیان و ئۆتووبان دروست کردنیان لە وڵاتانی دەرەوە دەکرێ. ئایەتوڵا و فەرماندەکانی ڕژیم زۆر بە سانایی بە لای هەژاری و فەحشا و بێکاری و ئیعتیاد و لەبەریەک بڵاو بوونی بنەماڵەکان و ئیدز و دەیان دیاردەی دزێوی‌تری کۆمەڵگادا، تێدەپەڕن. هەر تاوتوێ کردنی ئەم دۆخە ئابووریەی ئێرانی ئەمڕۆ بەسە بۆ ئەوەی بەوە بگەین کە ئەم ڕژیمە متمانەیەکی ئەوتۆی بە بەردەوام بوون و مانەوەی زیاتری لە ئێراندا نەماوە و بە تەواوی نیگەرانە.

ئەگەرچی بە هاتنەسەرکاری مەجلیسی حەوتەم جموجووڵی سیاسی تا ڕادەیەک پاشەکشەی کرد، ئەگەرچی یەکدەست بوونەوەی دەسەڵات ڕەهەندەکانی بەرامبەرکێی ئاشکرای داخست، بەڵام بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەری لە ئێران بەرەو ئاراستەیەکی ڕادیکاڵتر، کەمتر پشت ئەستوور بە کێشە ناوخۆییەکانی ڕژیم، ڕوونتر و هاوکات ئەستەمتر چووە. بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران و خواستەکانی خەڵکی زەحمەتکێش ڕوو لە زیادبوونە. ئەم بزووتنەوەیە توانایەکی تێدایە کە حاشاهەڵنەگرە. بزووتنەوەی ژنان بۆ ڕزگاری و ئازادیە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکان بەرینتر بووە. ئامادەیی بەرچاوی ژنان لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و چاپەمەنیەکان و سینەما و مۆسیقادا، مەودایەکی دووری لەگەڵ خەونی ئایەتوڵاکان بۆ ڕەسمی بوونەوەی زەماوەندی کچانی تەمەن ٩ ساڵ هەیە. بزووتنەوەی خوێندکاری کە بۆ ماوەیەک لە بازنەی سیاسەتی ریفۆرمخوازیی ئیسلامیی ڕژیمدا قەتیس مابوو، ئێستا ئازاد لەو کۆت‌وبەندە، هەڕەشەیەکی گرینگە بۆ سەر ڕژیم. خەبات و تێکۆشانی گەلانی بێبەش و سەرکوتکراوی ئێران، ڕوونتر لە جاران خۆ دەنوێنێ. دەکرێ ئەم ساڵانەی دوایی بە تایبەت، بە جۆرێک وشیاریی گەلانی ئێران ناوزەد بکەین. ڕێکخراو و دامەزراوەکانی پشتیوانی مافی گەلان لە ئازەربایجان، بەلووچستان و ئەحواز و تورکمان سەحرا، یەک لە دوای یەک سەر هەڵدەدەن. جیا لە کوردستان ئەمجارە کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا لە نێو ئەم گەلانەشدا تووشی تەنگژە بووە. ئەو سیستمەی لە کۆتاییەکانی سەدەی ٢٠دا لەسەر ئەوە بوو بە سیاسەتی شمشێر بەدەستەکانی ١٤٠٠ ساڵ

لەوە پێش، بە زەبری کوشت و بڕ و زەبر و زەنگ ئێران بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە، ئێستا لەگەڵ خەباتی یەکگرتووانەی گەلانی ئێران بەرەوڕووە.

لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیشدا، دۆخەکە و ڕەوتی گۆڕانکاریەکان هێندە بە دڵی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی دینی و سەرەڕۆی ئێران نیە. ئەمڕۆ ناوی حکوومەتەکەیان ئاوێتەی تیرۆر و تیرۆریزم بووە و لە چەند ساڵی رابردوودا بە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ، کە سەرکردەکانی رژیم بە تەنیا رێگای مانەوەی خۆیانی دەزانن، ئەوە بە تەواوی پێگەیشتووە. ئێران کە لە ناوەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، زیاتر لە وڵاتانیتر بۆتە لەمپەری سەر رێی گۆڕانکاریی دیمۆکراتیك و بە دژی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی و ئازادیخوازی وەستاوەتەوە. هەروەك چۆن گۆڕانکاریەکانی ساڵی ٥٧ و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی ئیسلامی و دینی لە ئێران، کۆسپی خستە سەر رێی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی دیمۆکراتیك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەلومەرجی ئێستاشدا پاشەکشە کردن بەم رژیمە و بە شکست کێشانی سیاسەتەکانی حکوومەتەکەی، بە خێرایی رێگا بۆ قووڵترین جووڵانەوەی سیاسیی جەماوەری لە هەموو ناوچەکە خۆش دەکات. کۆماری ئیسلامی لە رای گشتیی جیهاندا ناوەند و ماکی پشتیوانی لە تیرۆریزمی رێکخراوە، ناوەندی پیلانگێڕی و دژایەتی لەگەڵ هەر جموجووڵێکی دیمۆکراتیك و دابینکەری سەرچاوەی ماڵی و ئینسانیە بۆ تاقم و گرووپەکانی تیرۆر و جەنایەت لە ناوچەکەدا. ئەم رژیمە ئەگەرچی لە کەلەبەری نێوان دەسەڵاتە ئابووری و جیهانیەکاندا مانۆڕ دەدات و بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر و بە ئیمتیازدان بە یەکێکیان، کاتێکی زیاتر دەستەبەر دەکات، بەڵام وا دەردەکەوێ کە رەوتی گۆڕانکاریەکان لە ئەنجامدا یارمەتیدەری ئەم رژیمە نەبێت. سەرەڕای تەرخان کردنی پارەیەکی زۆر و پڕوپاگەندەی بەربڵاو، لەچاو ساڵانی رابردوو، دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا کەمتر دەڕوا. لە ئەفغانستان، لە کەنداوی فارس، لە عیراق، لە کوردستانی باشوور و ئاسیای ناوەڕاست، دوور کەوتنەوە لەم رژیمە بۆتە سیاسەتی نیوە ئاشکرای حیزب و رەوت و حکوومەتە جۆراوجۆرەکان.

سەرەڕای ئەوانە و هەموو تەنگژەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و لە ئاستی جیهانیدا، ئەوەی ئەم رژیمەی وەها لاواز کردووە، شکستی ئۆلگووی حکوومەتی و سیاسی و بنەما ئایدۆلۆژیکیەکانیەتی لە ناوخۆی خۆیدا. ئەگەر بە هاتنە سەرکاری ئەم رژیمە لە سەردەمی شۆڕشدا، گۆڕانکاریی قووڵی سیاسی و دیمۆکراتیك لە ئێران و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راگیرا، ئێستا بێهێزی و بێتوانایی هەر ئەم رژیمە لە ناوخۆدایە کە ئەوانی لەبەرچاوی جیهان سووك و بێجەوهەر کردووە. راستیەکەی ئەوەیە کە ئەم رژیمە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ پێداویستی و خەونەکانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە لە دژایەتیدا بوو. بەڵام جەنایەتی بێسنووری کۆماری ئیسلامی، شکستی قورس و تراژیکی شۆڕشی ٥٧، تێك شکاندنی رێکخراوە چەپ و شۆڕشگێڕەکان، ئیعدامی بەربڵاو و ئەشکەنجەگای ترسناك، رەوتی گۆڕانکاریەکانی جیهان و شکست و هەڵوەشانەوەی ئۆردووگای رۆژهەڵات، لەمپەر بوون لەبەردەم شکڵگرتنی ئالترناتیڤێکی دیمۆکراتیك و خاوەن پێگە لە ئێراندا. هەربۆیە لە هەلومەرجی سیاسیی ئێستادا ئەرك و سیاسەتی سەرەکیی پشتیوانانی ئازادی، عەداڵەت و رزگاریی راستەقینە، هەوڵدان بۆ شکڵگرتنی ئاڵترناتیڤێکی دیمۆکراتیك و بزووتنەوەیەکی دیموکراسیخوازیە. ئەم کەموکوڕیە بنەڕەتیە بەرچاوە، یەکێك لە هۆکارەکانی لەسەرکارمانەوەی رژیمی ئیسلامی لە ئێرانە. گەڵاڵەی ئەم دواییانە بۆ ریفراندۆم کە جارێکیتر جموجووڵێکی سازکرد، بە هۆکاری جۆراوجۆر و کەموکورتیی ئاشکرا نەیتوانی و ناتوانێ ببێتە پلاتفۆرمێکی دیمۆکراتیك. گەڵاڵەی ریفراندۆم بە هەموو ناپاکیە سیاسیەکان و لێڵی و

نادیمۆکراتیك بوونی ناوەڕۆکەکەیەوە، خەریکە دەخرێتە پەراوێزەوە و زیاد لەوەی چاوەڕوان دەکرا لە کوڵوکۆ دەکەوێ.

کۆمەڵە لە گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ئێراندا، پشتیوانی شکڵگرتنی بزووتنەوە و پلاتفۆرمی دیموکراسیخوازیە. بڕیارنامەی کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە بە شیکردنەوەی درووستی دۆخی ئێران و هاوسەنگیی راستەقینەی هێزە سیاسیەکان، وەها رێگەچارەیەك بە کاریگەر دەزانێ. ئێمە لەمبارەیەوە درێژە بە هەوڵەکانمان دەدەین و هەموو هێزە چەپ و ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ و دیمۆکراتەکان بۆ کۆبوونەوە لە دەوری پلاتفۆرمێکی دیمۆکراتیك لە ئێران بانگهێشت دەکەین.

لە کوردستان کە کۆمەڵە زیاتر لە جاران بۆتە رێبەری خەباتی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەیی، جموجوولێکی نوێی سیاسی لە ئارادایە. ئەگەرچی مەجلیسی حەوتەم و گۆڕانکاریەکانی ئەو سەردەم، کەشی سیاسیی ئێرانی بەرەو نوشستێکی نیسبی برد، بەڵام لە کوردستان بەشداری نەکردنی بەربڵاو لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتەمدا، ئاوێتەی خەبات و تێکۆشانی هیوابەخش بوو. بەشداری نەکردنی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا بزووتنەوەیەکی روو لە گەشە و هیوابەخش بوو و لەوکاتەوە تا ئێستا وەها کەشێك بەسەر کوردستانی رۆژهەڵاتدا زاڵە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستانی رۆژهەڵات، ساڵانێکە قۆناغی شکستی شۆڕش و سەرکوتی توندی سەربازی و بۆمباران و نوشستی بزووتنەوەی سیاسیی جەماوەری ناوەتە پشت سەر. ئەمە ئەنجامی خۆڕاگریی جەماوەریی بەرینی خەڵکی کوردستان  و ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا لە کۆمەڵگای کوردستاندا روویداوە. گۆڕانکاریەکانی کوردستانی باشوور، راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و سەقامگیربوونی حکوومەتی هەرێم لەو بەشەی کوردستان و پاشان رووخانی رژیمی بەعس، فاکتەرێکی دیکەی گەشە پێدان و هیوادار کردنی کوردستانی رۆژهەڵات و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەیەتی. کۆمەڵگای کوردستان، ئەو کۆمەڵگا سوننەتی و داخراو و بەرتەسکەی پێشوو نیە. شارەکان گەورە بوونەتەوە، ناوەندەکانی کار و چالاکی وەك هەر کۆمەڵگایەکی دیکە بەرینترە. سیمای شارەکانی کوردستان ئەم گۆڕانکاریانە دەسەلمێنێ. خوێندنی باڵا لە کوردستان، زانکۆکان و دیاردەی خوێندکار و ئامادەبوونی رووناکبیرانی کورد لە چاپەمەنیەکانی کوردستان و ئێران، پەرەسەندنی بڵاوکراوە و چاپی رۆژنامە، بوون و هەڵسووڕانی بزووتنەوەی رووناکبیری لە بوارەکانی ئەدەبیات و سینەما و هونەر و نیگارکێشی و پەیکەرسازیدا، بەرەسەندنی خوێندنی کچان و ژنان، وشیاری و زاڵبوون بەسەر مێژوو و خەباتی رابردوو و لە ئاستێکی بەرینتردا لە کوردستان، سیکۆلار مانەوە و قووڵبوونەوەی سەرەڕای دەسەڵاتی ٢٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی رزگاریخوازیی لە کوردستانی ئێران گەیاندۆتە چۆنیەتی و ناوەرۆکێکی نوێتر. پەرەسەندنی دامەزراوە جەماوەریەکان، نوێگەریەکانی خەڵك لە دژی ئیعتیاد، خۆسووتاندنی ژنان، پەرەسەندنی (NGO)کان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، چاپی نزیك بە ٢٥ بڵاوکراوە لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە لە زانکۆکانی ئێران، چاپی رۆژنامە بە ژمارەی زۆرەوە، بزووتنەوە و خەباتی کوردستانی بردۆتە ناو شارەکان و بوارە کۆمەڵایەتیەکانەوە. ئامادەبوونی چەکدارانە و پاراستنی هێزی پێشمەرگە بۆ دانانی ئاستێکی باشتری هێز لە نێوان خۆمان و دوژمندا و پاراستنی ئەو توانایانەی خەبات و تێکۆشان، ئەو دەرفەتەی رەخساندووە هەتا لە دۆخی گەشەکردندا بە خێرایی پەرە بستێنێ.

هەموو ئەم گۆڕانکاریانە، لایەن و ئاستێکی باشتری بەخشیوەتە بزووتنەوەی سیاسی و خەباتی کوردستان. رژیمی لەو حاڵەتی سەرکوتی بێسنوورەوە بردۆتە دۆخی بیرکردنەوە بۆ دزەکردن و شێواندنی جووڵانەوە

کۆمەڵایەتیەکان. بزووتنەوەی سیاسی لەم ساڵانەی دواییدا، توانای سەرکوتی جارانی لە کۆماری ئیسلامی سەندووەتەوە و وایکردووە رژیم بە وریاییەکی زیاترەوە دەڕوانێتە نارەزاییە جەماوەریەکان. بوونی حکوومەتی هەرێم لە کوردستانی باشوور و گۆڕانکاریەکانی عیراق کە بەردەوام سەنگ و بەهای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستانی بەرزتر کردۆتەوە و بەرەو سەرکەوتنی یەکجاریی ئەم خەڵکە ستەملێکراو و سەرکوتکراوە دەچێ، کاریگەریی پۆزیتیڤی بووە لەسەر پەرەسەندنی خەباتی کوردستانی رۆژهەڵات و هیوادار بوون بە داهاتوو و وەدیهاتنی ئاواتە لە مێژینە پێشێل کراوەکان.

ئەم گۆڕانکاریانە کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە هیچ کەس شاراوە نیە، ئەرکی نوێ و کار و چالاکیی بەرینتر دەخوازێ. گۆڕینی پێکهاتەی سیاسیی ئێران بۆ سیستمێکی دیمۆکراتیك و فیدراتیو، لە روانگەی ئێمەوە چاوگی سەرەکیی بەشێکی هەرەزۆری گرفتەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانە. ئێرانی داهاتوو، بە بێ سیاسەتی روون و ئاشکرا و بە کردەوە دەربارەی بە رەسمی ناسینی مافی نەتەوەکانی ئێران، بەبێ یەکگرتووییەکی خوازراو و بەبێ سەقامگیربوونی حکوومەتێکی دیمۆکراتیك و فیدراڵی کە یاسایەکی سیکۆلار پێناسەی دەکات، ئارامی بەخۆوە نابینێ. دەبێ کۆتایی بە سەرکوتی سەدان ساڵەی گەلانی ئێران بێت، پاراستنی یەکپارچەیی ئێران بە زەبری سوپا و سەرکوت و لەشکرکێشان و بێبەش کردنی گەلان لە سەرچاوە ماڵی و ئابووریەکان بۆ هەمیشە لە خشتە ببرێ و ئێرانی داهاتوو تەنیا و تەنیا لەسەر ئەساسی یەکگرتووییەکی خوازراو و پێناسەیەکی یاسایی و پاراستنی هەموو بەهاکانی ژیانی نەتەوەکانی ئێران کە لە سیستمێکی سیکۆلار و دیمۆکرات و فیدراتیودا خۆ دەبینێتەوە، بنیات دەنرێ. رەچاوکردنی دروشمی فیدرالیزم لە لایەن کۆمەڵەوە بە لێکدانەوەی دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان و داهاتووەکەی، لە ٤ساڵی رابردوودا بە خێرایی لەگەڵ پێشوازی و پشتیوانیی نەتەوەکانی ئێران، پشتیوانانی مافە دیمۆکراتیکەکان و خەباتکارانی رێگای ئازادی و عەدالەت بەرەوڕوو بوو. هەروەها رەچاوکردنی سیاسەتی هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەی گەلانی ئێران ئاماژە بەو پێداویستیەی دۆخی ئێستای ئێران دەکات کە بەداخەوە سەدان ساڵە بە زەبری کوشتن و بڕین پاشەکشەی پێ کراوە. پێویستیی هاوکاریی هێزە سیاسیە دیمۆکرات و شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەکانی ئێران شتێك نیە کە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی زیاتر بێت. کۆمەڵە بە هەموو توانایەوە وڵامی ئەم پێویستیە دەداتەوە. تەنیا لە وەها حاڵەتێکدایە کە دەتوانرێ گرفت و ئاڵۆزی و فرەچەشنیەکانی کۆمەڵگای ئێران بە شێوازێکی مرۆیی، دیمۆکراتیك و ئەمرۆیی وڵام بدرێتەوە و خەڵکی ئێران یەکگرتوو بکرێن.

لە کوردستانی رۆژهەڵات، بزووتنەوەی ئازادیخوازیی، حیزبە سیاسیەکان بانگهێشت دەکات بۆ رەچاوکردنی بەرنامەیەکی سیاسی بۆ دیموکراسی و کێشەی نەتەوەی هەوڵ بدەن و یەکگرتوو بن. رەچاوکردنی سیاسەتی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە لایەن کۆمەڵەوە وڵامێکە بۆ ئەم پێویستیە. بەرەی کوردستانی، بۆ نوێنەرایەتی کردنی بزووتنەوەی ئەو خەڵکە لە کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەییدا، بۆ هیوادار کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ رژیمی ئیسلامی و دوژمنانی ئازادی بە پێویست دەزانین. لە زیاتر لە ٢ ساڵ لەوە پێشەوە کە کۆمەڵە ئەم سیاسەتەی گرتووەتە بەر، پێشوازیی بێوێنەی خەڵك و حیزبەکان و رووناکبیران و خەباتکارانی کوردی کوردی بینیوە. بەڵام بەداخەوە هێشتا ئەو گەلاڵەیە وڵامی خۆی وەرنەگرتووە. بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەم سیاسەتە وەها لە نێو خەڵك و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی لە ناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات جێی خۆی کردووەتەوە، کە کەم وا هەیە لە کۆبوونەوە و بۆنە سیاسیەکاندا باسی نەکرێ. ئەم

سیاسەتە دەبێ هەروا بەردەوام و بە تاقەتەوە ڕەچاوبکرێ. ئەوەیکە بەرەی کوردستانی چ قەوارە و پێکهاتەیەك بەخۆوە دەگرێ، ڕەوتی گۆڕانکاریەکان دیاریی دەکات.

لە ناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەلأت، کۆمەڵە بە هەوڵی بەردەوام و بەدواداچوونی سیاسەتە ڕاگەیەنراوەکانی، بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەری لە هەموو لایەنەکانیدا بەرەوپێش دەبات. بزووتنەوەیەك کە سەلمێنەری بوونی بەرینی خەڵك و ستەملێکراوانی کۆمەڵگا و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و ڕووناکبیران و دامەزراوە جەماوەریە جۆراوجۆرەکان بێت. دەبێ دیسان هەوڵ بدرێ لە هەل‌ومەرجی ئێستادا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان بەرەو ڕەچاوکردنی یەك دروشم و یەك بەرنامەی یەکگرتوو بڕوات. ڕەچاوکردنی سیاسەتی فیدراڵی لە لایەن حیزبەکانی تری کوردستانەوە، هەنگاوێکی گرینگە بۆ لێك نزیکبوونەوەی حیزبەکان، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بەس نیە. ئەم بزووتنەوەیە دەبێ بەرنامەکەی داڕێژێ و ڕایگەیەنێ و هەموان بەڵێن بدەن بۆ بەڕێوەبردنی.

پەرەسەندنی دامەزراوە جەماوەریەکان، هەوڵ بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکاریەکان، ژنان و لاوان و...، NGOکان، یارمەتیدانی نوێگەریەکانی خەڵك بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ بێ سەرەوبەرەیی ئابووری، هەژاری، بێکاری، ئیعتیاد، هەلأواردن لە دژی ژنان، پەرەسەندن و بردنە سەرەوەی ئاستی ڕووناکبیری لە کوردستان و پێوەند دانی زیاتر و قووڵتری لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی و هەوڵ بۆ پێکهێنانی کانوونی نووسەرانی کوردستان، ئەرکە سەرەکیەکانی کۆمەڵە لەم قۆناغە دەبێ. کردنی بزووتنەوەی کوردستان بە بزووتنەوەیەکی خاوەن خواست و ویست و ستراتیژی ڕوون و ئەمڕۆیی و مۆدێرن کە بتوانێ لە گۆڕەپانی دیپلۆماتیکی ناوچەیی و جیهانیدا سەرنجڕاکێش بێت. ئەم بزووتنەوەیە دەبێ نیشاندەری ئامانج و خەونەکانی نەتەوە و خەڵکێك بێت کە دەیانهەوێ لە دنیای ئێستادا جێ‌وشوێنێکی شیاویان هەبێت و نەك هەر خۆی بەڵکوو نەوەی داهاتووش بەرەو پێشکەوتن و عەداڵەتی کۆمەلأیەتی و ئازادی بەرێ. بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاریی گشتی، بەدەستەوە گرتنی هەموو ئامرازەکانی ئەمڕۆ بۆ گەیشتن بە مافی خۆ و بەشداربوون لە گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەلأیەتیەکاندا، سیمایەکی دیکەی بزووتنەوەی سیاسی و ئازادیخوازانەی کورستان بەجەستە دەکات و ئامرازەکانی جەماوەریتر بوونەوە و بەربلأوتر بوونەوەی ئامادە دەکات.

بەرینتر کردنەوەی پانتایی چالاکیەکانی کۆمەڵە لە گرینگترین ئەرکەکانمانە. پێکەوە لکاندنی هەموو ناوچە کوردیەکان و کردنی بە پەیکەرێکی یەکپارچە، زیاتر لە جاران دوژمنانی ئازادی لاواز دەکات. لە قۆناغی ڕابردوودا دابڕانی بەشێك لە کوردستان لە بزووتنەوەی خۆڕاگری و نارەزایی، ئەم بزووتنەوەیەی لە هێز و توانایەکی زۆر بێبەش کرد. لەم قۆناغەدا کۆمەڵە بە بەرنامەیەکی دیارەوە هەوڵ بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم کەم‌وکورتیە دەدات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بوارانەی ڕەخساون، گەیشتن بەو ئامانجە _ئەگەرچی کار و هەڵسووڕانی زۆری دەوێ_ دەبینرێ.

لە دەرەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئامادەبوونی بەرچاوی لایەنگران و ئەندامانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و هەڵسووڕاوان و کەسایەتیە سیاسی و خەباتکارەکانی کورد، هەوڵ بۆ ڕێکخستنی دامەزراوەیەك بۆ بەرجەستە کردنەوەی خەباتی خەڵکی کوردستان دەبێ درێژەی هەبێ. بەداخەوە سیمای جەنایەتکاری ڕژیمی ئیسلامی لە کوردستان، ئەو جۆرەی کە پێویستە بە دنیای دەرەوە نیشان نەدراوە. هەنووکە وەها دامەزراوەیەك پێویستە کە هەم جەنایەت و زۆروێژیەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە کوردستان نیشان بدات و هەم خواست و ویستەکانی خەڵك بە گوێی جیهان بگەیەنێت. پێویستە هەوڵ بۆ ئەم کارە گرینگە هەروەك پێشوو لە بەرنامەی چالاکیەکانی کۆمەڵە

له دەرەوەی وڵاتدا بمێنێتەوە. وەها دەمەزراوەیەك ئەو هێز و توانایە كۆ دەكاتەوە و بەر بەوە دەگرێ كە هەوڵەكانی هەڵسووڕاوان و ئازادیخوازانی كورد بەفیڕۆ بچێت.

كۆمیتەی ناوەندیی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران
٢٢ی ڕێبەندان ١٣٨٣ بەرابەر لەگەڵ ١٠ ی فێوریەی ٢٠٠٥